## هەناسەكان.......(3)

**عەلی نارێنی**

## گڕو باران

وەك كچێكی گەرمیانی
خۆشمویستی
پڕ بی لە گڕی هەناسەو...
گەردەلوولی تۆڵەو..
برووسكەی تەنیایی و راچەنین
چوزانم ئەم هەموو بارانەی
خۆشەویستی و
سۆزو
میهرەبانیەش لە ناختدا هەڵگرتووە

## رازی مەجنون

حەزئەكەم بگریم
بە سەر دەستەكانتدا
تا بەتاڵ ئەبمەوە لە ئەسرین
ئەگەر ویستت ژیریشم كەیتەوە لە گریان
هیچم ناوێ
بمخەوێنە و دەستەكانتم بۆ بكە سەرین

**ئەگەر**

**هیچ شیعرێکم**

**له سێداره نەترساوه**

**ئەگەر پەتی سێداره**

**له تاڵەکانی پرچی تۆ دروستکرابێت**

**هیچ گۆرانییەکم**

**له خنکان هەڵنەهاتووه**

**ئەگەر خنکان**

**به گوڵاوی هەناسەکانی تۆ بێت**

**نوقڵ**

**جارێکیان ماچێکی دامێ**

**له تامی خەیاڵ ئەچوو**

**منیش شیعرێکی شیرینم دایێ**

**له چەشنی ماچ**

**ئەگەر ماچێکی دیکەی لەو شێوەم بداتێ**

**رەنگە له جیاتی شیعر**

**ئەمجاره نوقڵی بۆ بنووسم**

**فەرهەنگێکی تر**

**تۆ هەر له یەکەم هەنگاوەوه**

**پێکەنینێکی شەرمن بووی**

منيش له دوا ویستگەدا

بووم بە خەمێكی كلۆڵ

ئەگەر زەمان دووبارە ببێتەوەو

ببینەوە دڵداری یەك

رەنگە ئەمجارە فەرهەنگێكی تر

بۆ خەم و..بۆ پێكەنین دابنێین

## مێژووی دلاْن

دلاْن مێژوویەكیان هەیە

نانووسرێتەوە

مێژوویەك

كەس نایبینێ و

كەسیش ناتوانێ بیخوێنێتەوە

تەنها چاو نەبێ

جاربەجارێك

لە ساتی مەستبوونی خۆیدا

پەڕەیەكیان لێ ئاشكرا دەكات

## ئومێد

من نازانم

كە چەند ساڵە تۆم خۆشئەوێ

بەلاْم ئەزانم

لە وەتەی هەم

دڵم ماندووی عیشقی تۆیە

من نازانم
كه چی كاتێ دەست لە خۆشەویستیت
هەڵدەگرم
بەڵام ئەزانم
تا دڵم ترپەی لێوە بێ
هەر بە ئومێدی ژووانی تۆیە

## پەیامێکی هەمیشەیی

پیتم لە چاوی تۆوە
گەورە ئەبێ و ئەبێتە وشە
وشەشم لە دەستەکانی تۆوە
هەڵدەقوڵێ ودەبنە شیعر
لەو رۆژەشەوە یەکەم شیعرم نووسیوە
پەیامی عیشقێکی هەمیشەییە
شیعری من

## کەیبانو هومانی

لە چاوەکانی سیحر دەڕژێ
لە لێوەکانی هەنگوین و..
لە مەمکەکانیشی شیر!!

له دامێنی پۆل پۆل نەوە
له دایك ئەبن
له دەستەكانی فرمان و..
له مێشكی بیرو..
له خەیاڵدانیشی راووتەكبیر!!

## برووسكە

هەر كاتێك هەوڵم دابێت
شیعرێك
یان پەخشانێك
یان نامەیەك
بۆ كچێكی تر بنووسم
سەرم له ئاواز كەوتووەو..
زمانم له دەربڕین و..
خەیاڵیشم له بلاّچەو برووسكە

## خاكی تەنیایی

حەز ئەكەم
كه نازم بە سەردا ئەكەی
وەكو باران داباریت
چونكە خاكی تەنهاییم
وشك وتینوو راكشاوەو

**عیشقی تۆش پاراوی دەكات**

**دەستنوێژ**

**هەموو شاعیرانی كورد**
**لە مەولەویەوە تا دەگاتە ساحیبقران**
**لە باباتاهیرەوە تا دەگاتە ئەسیری**
**لە شێخ رەزاوە تا دەگاتە شێخ حەسیب**
**لە جگەرخوێنەوە تا دەگاتە بێكەس و...**
**تا دەگاتە قوباد و ئەوانی تریش**
**بۆ نووسینەوەی هەر شیعرێك**
**دەستنوێژیان لە عیشقی تۆ هەڵگرتووە**

**پێچی نیگا**

**لە هەر شیعرێكمدا پیاسە بكەی**
**بێ یەك دوو**
**بەژنی قەڵەمەكەم دەدەمە دەستی تۆوەو**
**هیچ ترسیشم لە زمان ورێنوس و**
**ئاوازی شیعرەكانم نیە**
**دڵنیام لە پێچی هەر نیگایەكتدا**
**زمانێكی شیرینترم دەدیتێ و..**
**ئاوازێكی خۆشترم فێر دەكەی**